# بنیاتنانی ڕەگەزی دووەم لە کۆمەڵگە*

جۆ فریمەن
و: ژینۆ ڕۆژبەیان

ئــەم وتــارە لــە پاییــزی ١٩٦٨ وەک پەڕتووکێکــی بچــووک بــۆ خولێکــی دەروونناســیی کۆمەڵایەتــی نووســراوە و ســەرەتا لە ژێــر ناوی «کچانــە گەورە بوون» بە بــێ بەڵگەهێنانەوە و تێبینی لە «مامەڵەکــردن» لە مانگــی ١٩٧٠/١٢/١١ لاپەڕەی ٣٦-٤٤ بــڵاو بوویەوە و دواتر لە «ڕۆڵی ژنان: خوێندنەوەیەک بەرەو ئازادیی ژنان»، چاپ بوویەوە کە میشێل گارسکۆڤ سەرنووسەری بوو، لە بێلمۆنت، کالیفۆرنیا: برووکس/کۆل، ١٩٧١، لاپەڕەی ١٢٣-٤١. بۆ چەندین ســاڵ و بــە زۆری لە چەندین پەڕتووکی خوێندندا چاپ کرایەوە.

«ملکەچ بوون کە ڕەوشێکی دیاری «ژن»ە، تایبەتمەندییەکــە کە لە ســەرەتاییترین ســاڵەکانی تەمەنی، لەودا دروســت بووە. بــەڵام گــەر وا دابنێین کــە فاکتەرێکی بایۆلۆژی لەو بابەتە کاریگەریی هەیە، ئەوا هەڵەین؛ لە ڕاستیدا ئەوە چارەنووسێکە کە مامۆســتاکانی و کۆمەڵگەکەی بەســەریدا سەپاندوویانە.» (سیمۆن دوبوار)

لەم ســی ســاڵەی ڕابردوودا زانســتی کۆمەڵایەتــی ســەرنجێکی بێوێنــەی بە ژنــان داوە و توێژینەوەکانــی بــۆ بابەتی مرۆڤ لەســەر پیاوان کــەم کردووەتەوە. توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی کلێشە و ئەفسانەکانی بەربڵاوی کۆمەڵگەیان دووپات دەکردەوە کە ژن زیاتــر بەخێوکەر/دەربڕ/ ملکــەچ و پیاو ئامرازی/چالاک/شــەڕانییە. زانایانی کۆمەڵناســی زیاتــر هەوڵیان داوە پاســاوی ئەم کلێشانە بدەنەوە تاکو ئەوەی شیکاری لەسەر سەرچاوەیان، بەهایان یان کاریگەرییان بکەن.

ئەمە خۆی تــا ڕادەیەک لەبەر دووڵی و بــە گشــتی خــۆ دوورخســتنەوەیە لە پرسیار کردن ســەبارەت بەم سەردەمەی، نهێنییە ژنانییەکان لە زانستی کۆمەڵناسی تایبەتمەنــد کــراون و بەشــێک لەمــە، لەبــەر بەربڵاو بوونی بیرۆکەی شــیکاریی دەروونناسی لە سەرانســەری ئەمریکایە.١ دەرەنجامە کۆمەڵناســییەکە کە لە جیاتی ئەوەی پرســێکی کۆمەڵایەتی بێت بووەتە شــێوازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە. لە جیاتی ئــەوەی لێکۆڵینــەوە لــە هــۆکار بکات، شرۆڤەی شتەکە دەکات. لە جیاتی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە ژن و پیاو چۆن بوون بەوەی کە هــەن، دۆخەکەیان وەک بارێکی نەگۆڕ قەبووڵ کراوە و هەوڵ دراوە لەســەر بنەمای جیاوازییە بایۆلۆژییەکەیان پاساوی بۆ بێننەوە. هەر چەندە ئەو بڕوایەی کە دەروونناسیی بایۆلۆژی لە خۆ دەگرێت خەریکە کۆتاییی پێ دێت.

ماستێرز و جەیسۆن ئەفسانەی سستیی سێکســی سروشــتیی ژنیان تێکشــکاند کە سســتیی دەروونیی ژنان لەســەر ئەوە دانرابوو. توێژینەوە لەسەر بابەتەکانی دیکە تازە دەســتی پێ کــردووە. تەنانەت بە بێ ئــەم توێژینەوە نوێیانــە، لێکدانەوەی نوێ لەســەر زانیارییە کۆنەکان لە ئارادان. ئەم لێکدانەوە تازانــە دەڵێن ژنان ئاوان چونکە وا پەروەردە کراون. هەروا کە بێمز دەڵێت: «ئێمە ئەم ڕاســتییە پشتگوێ دەخەین کە ئەو کۆمەڵگایەی لە بیست ساڵی سەرەتای ژیانــی ژنان بیر و دەنگی ئەوان دروســت دەکات، هیچــی بۆ لەدەســتدان نییە ئەو کاتەی ژنان دەبنە بیست و یەک ساڵ و بە ڕەوایەت مافی هەڵبژاردنیان هەیە. چونکە کۆمەڵگە نەک بژاردەکانی ئەوانیان کۆنترۆڵ کردووە بەڵکو ئاراستەی هەڵبژادنیشیانی وا کۆنترۆڵ کردووە کــە یەکێک لەو بژاردانە هەڵبژێرن کە کۆمەڵگا بۆی داناون.»٢

ئــەم ئەنگیزەیە لە پرۆســەی جڤاکی بووندا کۆنترۆڵ دەکرێت. ژنان وا پەروەردە دەکرێن کە بیانهەوێت ئەو ڕۆڵانە وەرگرن کە کۆمەڵگا پێویستی پێیانە. وا فێر دەکرێن کە خۆیان وەک ئــەو نموونە قەبوولکراوانە

دەربێنن و لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا بن کە لە ژنان وەک گرووپێک داوا دەکرێت. هەر بۆیە بۆ ئەوەی تێبگەین زۆرینەی ژنان چۆن جڤاکی دەبن، دەبێت سەرەتا بزانین چۆن خۆیان دەبینن و چۆن دەبینرێن. چەندین توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە. مەک کلیلاند گوتوویەتی: «وێنەی ئافرەت بەم سیفەتانە تایبەتمەند کراوە: بچووک، لاواز، نەرم و سووک. لە ئەمریکایش ئاوا وەسف کراون: گێل، ئارام، لەسەرخۆ، سارد، پێگەیشتوو، سست و خاو.»٣ توێژینەوەیەکی تەواوتر کە لە ژنان و پیاوان داوا دەکات لە لیستێکی سیفەتەکان ئەوانە هەڵبژێرن کە باشترین پێناسەی خۆیان بێت. ژنان زۆرتر خۆیان ئاوا پێناسە کرد: بەگومان، نیگەران، شڵەژاو، سەرشێت، کەمتەرخەم، ترسنۆک، گێل، منداڵانە، هەژار، پەشیمان، شەرمن، بێدەست و پێ، گەمژە، دەبەنگ و کارەکەر. لە وەسفە باشترەکە ژنان خۆیان ئاوا پێناسە کرد: تێگەیشتوو، دڵناسک، بەرەحم، بیگەرد، بەخشندە، دلۆڤان، ئەڤیندار، بەڕەوشت، میهرەبان، سوپاسگوزار و سەبوور.٤

ئەم خۆ وێنا کردنە زۆر باش نییە بەڵام لەگەڵ ئەو ئەفسانانەی لە کۆمەڵگادا لەسەر ژنان هەیە یەک دەگرێتەوە. ئەم وێنەیە هێندێک ڕووی باشی هەیە بەڵام ئەو کوالیتییانەی تێدا نییە کە بۆ بەرزترین ئاستەکانی سەرکەوتن لە کۆمەڵگادا پێویستە. هەرچەندە ڕەنگە کەسێک پرسیار لە بیرۆکەی سەرکەوتن و کوالیتیی پێویست بۆ ئەوە بکات، بەڵام ئێرە جێی ئەو پرسیارە نییە و لە جیاتی ئەوە ئامانجەکە لێرەدا سەرنجدانە بە پرۆسەی جڤاکی بوون وەک شێوازێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان نەتوانن بگەن بەو ستاندەردانەی کە پێیان دەگوترێت نییانە. هەروەها پێویستە شیکاری بکەین بۆ ئەو چاوەڕوانییانەی کۆمەڵگا لە ژنێکی سەرکەوتوو هەیەتی (نەک کەسێکی سەرکەوتوو) چونکە ئەوان بە ناچاری بە پرۆسەی جڤاکی بوون پەیوەست کراون. هەموو کەسێک جڤاکی بووە بۆ بەدیهێنانی ئەو چاوەڕوانییانەی کۆمەڵگە لێی هەیە و تەنیا ئەو کاتەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نابێت (هەروا کە لە چەند بوارێکدا خەریکە ڕوو ئەدات) پرسیاری لەسەر دروست دەبێت.

با کاریگەریی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی وردتر لەسەر ئەو ژنانەی لە گرووپە کەمینەکاندان شی بکەینەوە. لێرەدا هاوتەریبێکی سەرنجڕاکێش سەرهەڵدەدات، بەڵام لە ڕێ لادانی زۆریشی تێدایە. کاتێک سەیری جڤاکی بوونی مێیینە دەکەین دەبینین ئەو شتەی کۆمەڵگە وەک بنیاتی کەسایەتیی «مێیینەی نموونەیی»، ناوی لێ دەنێت یان پەسندی دەکاتل، زۆر هاوشێوەی کەسایەتیی ئەو کەسانەیە کە لەو وڵاتە یان شوێنی دیکە چەوسێندراونەتەوە.

لە توێژینەوەیەکی کلاسیکی ئالپۆرت کە لەسەر سروشتی پێشداوەری کردوویەتی، یەک بەشی تەرخان کردووە بۆ «تایبەتمەندییەکانی قوربانی بوون». لەم بەشەدا ئەو تایبەتمەندییانە ئاوا هاتوون: هەستیاری، خۆبەدەستەوەدان، خولیای دەسەڵات، حەز کردن بە پارێزراوی، ناراستەوخۆیی، خۆ شیرین کردن، تۆڵە و تێکدانی شیرین، هاوسۆزی، ئەوپەڕی نەفرەت لە خۆ یان گرووپ و ئەوپەڕی شکۆداری بۆ خۆ یان گرووپ، دەرخستنی هێماکانی پلەی بەرز و درەوشاوە، دڵڕەحمی بۆ ژێردەستەکان، هاوتایی کردن لەگەڵ پێوەرەکانی گرووپە بالادەستەکان و سستی.٥ ئالپۆرت زیاتر خەریکی جووەکان و نێگرۆکان بوو بەڵام تایبەتمەندکردنەکەی لەگەڵ بۆچوونی تێرمەن و تایلێر لەناو نووسراوەکەیاندا هەڵسەنگێنن کە لەسەر

جیاوازیی ڕەگەزەکان لە نێو منداڵان نووسراوە. بۆ کچان تایبەتمەندییەکان ئاوا هاتوون: هەستیاری، خۆگونجاندن لەگەڵ تەوژمی کۆمەڵگە، وڵامدانەوە بە ژینگە، ئاسان کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگە، خۆشیرین کردن، هاوسۆزی، نزم بوونی ئاستی ئاواتەکان، دڵرەحمی بۆ ژێردەستان و بێتاقەتی. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە کچان بە بەراورد لەگەڵ کوڕان زۆرتر شڵەژاو، ناجێگیر، دەمارگیر، ناسەربەخۆ و خۆ بەدەستەوەدەر بوون و متمانەیان بە خۆیان کەمتر بوو، خۆیان و کچان بە گشتی بە کەم دەزانی و شەرمنتر، بەرەحمتر، جێبەجێکارتر، ترسنۆکتر و سستتر بوون.٦ تێگەیشتنی کچان لە خۆیان شێواوتر بوو. لەگەڵ ئەوەی کچان بە گشتی نمرەی دەرسەکانیان لە بنەڕەتی تاکو ئامادەیی بە بەردەوامی باشترە لە کوڕان، بەڵام خۆ بەکەم زانینی کچان لەگەڵ گەورەبوونیان خراپتر و تێڕوانینیان بە نیسبەت کوڕان و توانای کوڕان باشتر دەبێت. بەڵام کوڕان لەگەڵ گەورە بوونیان خۆیان بە باشتر دەبینن و ڕایان بە نسبەت کچان خراپتر دەبێت.٧

ئەم شێوانە ئەوەندە خراپ دەبێت کە بە وتەی گۆڵدبێرگ، لەو کاتەی کچان دەچنە زانکۆ، پێشداوەرییان دژ بە ژنان بۆ دروست بووە. ئەو چەند دەستەیەک وتاری دا بە کچانی زانکۆ، کە شەش وتاری پرفێشناڵ بوو لەسەر بابەتە نەریتییەکانی پیاوان، ژنان و بێلایەن (بی پەیوەست بە ڕەگەز) و هەموویان یەک شت بوون تەنیا ناوی نووسەرەکان یەکێک نەبوو. بۆ نموونە وتارێک لە دەستەیەکدا بە ناو جۆن تی مەککەی و لە دەستەیەکی دیکە هەمان وتار بە ناوی جوان تی مەککەی هاتبوو. هەر دەستەیەک بریتی بوو لە سێ وتاری نووسراو بە دەست ژنان و سێ وتاری نووسراو بە دەست پیاوان. لە کۆتاییی هەر وتارێکدا پرسیار لە قوتابیان کرابوو کە وتارەکە لەسەر بنەمای بەهای قایلکەربوونی و قووڵیی ماناکەی و نووسەرەکەیش لەسەر بنەمای شێواز و توانای نووسینی هەڵسەنگێنن. پیاوان لە هەموو بوارەکاندا باشتر هەڵسەنگاندنیان بۆ کرابوو تەنانەت لەو بوارە «مێیینانە» وەک مێژووی هونەر و خۆراکزانی. گۆڵدبێرگ ئەنجامەکەی وا دەردێنێت کە «ژنان دژ بە ژنە شارەزاکان پێشداوەرییان هەیە و بە بێ گەڕانەوە بۆ دەسکەوتی ڕاستەقینەی ئەو شارەزایەتییە بە سەرسەختی ڕەتی دەکەنەوە کە ئەو ژنانە بەرابەر بگرن لەگەڵ هاوتا پیاوەکانیان.»٨

تێکەڵاویی ئەم لە خۆ بێزاربوونە بە کۆمەڵە و سەرلێشێواوی لە تێگەیشتن، پاساوێکە بۆ ئەوەی کە لە خۆ بێزاربوونی بەکۆمەڵ، ڕێک تایبەتمەندیەکی نموونەییە لە «بنیاتی تایبەتمەندیی گرووپە کەمینەکان.»٩ ئەم تێبینییە بە بەردەوامی دەگوترێت. دەرئەنجامی دۆزینەوەی کلارکس لەم نموونەیە لە ناو منداڵە نێگرۆکان (ڕەشپێستەکان) کە لە قوتابخانە جیاکراوەکان دەیانخوێند، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ بریاری ١٩٥٤ی دادگای باڵا کە ئەو قوتابخانانەی بە نایاسایی ناساند. ئەم تایبەتمەندییانە و هەروەها ئەوانەی وەک نموونەیەکی باو لە «مێیینە» لە کۆمەڵگە ناسراون، لە هیندییەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان١٠، ئەلجەزیرەییەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکان١١ و ئەمریکییە ڕەشپێستەکان١٢ دیتراوە. وا دیارە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان «مێیینە» بوون و لە پلە و پایە بێبەش بوون.

ئەم شێوازە تەنانەت لە نێوان کەلتورەکانیشدا هەیە. لە TAT کە درا بە ژنە گوندنشینەکانی ژاپۆنی، دوڤاس بۆی دەرکەوت کە ژنانی گوندەکانی ڕاوچییانی

ماسی کە پلە و جێگەیان بەرزترە، لە ژنانی گونــدە کانی جووتیــاران بەزەبرتر بوون و ئەوەندە هەستیان بە گوناه نەدەکرد و زیاتر نەریتەکانی هاوســەرگیری بە ڕێکەوتنیان لە پێناو هاوســەرگیری بە خۆشەویســتی پشتگوێ دەخست.١٣

لە توێژینەوە بە ناوبانگە ٥٠ ساڵەکەی تێرمــەن لەســەر بەهرەمەنــدەکان، ئەو پیاوانــەی بەڵێنی خۆیان بەجــێ هێنا بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بە ئاشکرا نەیانتوانی بەڵێنی خۆیــان بەجێ بێنــن، متمانەیان بــە خۆیان زیاتــر بــوو و کەمئەندامی لە پشــتخانیان کەمتر بوو و کەمتر شــڵەژاو بوون و لە باری ســۆزەوە ئەوەندە ناجێگیر نەبوون. بەڵام ئاوا گەیشتنە ئەنجام کە «ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە کەسانی خاوەن پێگە و جێگەی نزم لە ماڵ و کۆمەڵگەدا هەبوون، لە کەمئەندامە دیارەکانیشدا هەبوون.١۴

ئەوە ڕاستییە کە ژنان لە بەراورد لەگەڵ پیاوان پێگەیەکــی نزمتریان لە کۆمەڵگەدا هەیــە و هەر دوو ڕەگەز زیاتر بەها بە پیاو دەدەن و چالاکــی و تایبەتمەندیەکانــی پیاو شــتێکە کــە لە لایەن بەرپرســانەوە سەرنجی پێ دراوە١۵ بەڵام ئەوەی ئەنجام نــەدراوە دروســتکردنی پەیوەندیی نێوان ئەم پێگەیەیە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.

ئــەو ڕاســتییەی کــە توێژینــەوەی تێروتەســەل لەســەر هۆکار و کاردانەوەی پێگــەی نزم لــە کۆمەڵگەدا نەکــراوە، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەیوەندیدارە بە ئەو هەموو هەوڵــەی دراوە بۆ دیاریکردنی جیاوازییە دەروونییەکانی نێوان ژن و پیاو، وەکوو هۆکارێــک بۆ جیاوازییە زۆرەکانیان لــە بەرهــەم و داهێنانــی کۆمەڵایەتــی. توێژینەوەکانــی گۆڵدبێــرگ دەریدەخەن کە تەنانەت گەر ژنان دەسکەوتەکانیان لە ئاستی دەســکەوتەکانی پیاواندا بێت، زۆر سەرنجی نادرێتێ و بۆ ئەوەی وەک پیاوان دەستخۆشــییان لێ بکرێــت و کارەکانیان وەک هی پیــاوان بە هەنــد وەربگیرێت، پێویســتە کوالیتیــی کارەکــە زۆر بەرزتر بێت لــە کاری پیاوان. بەڵام ئەم حاڵەتە و ئەم پێناســە نێرینەیە لە دەسکەوت، خۆی بە تەنیا هۆکاری کــەم بوون یان نەبوونی بەرهەمی کۆمەڵایەتی نییە، بۆیە توێژینەوە هاتە ناو جیاوازییەکانی ژنان/پیاوان.

زۆرینەی ئەم توێژینەوانە، لە شــێوازی نەریتی فرۆیدی، تیشــکیان خســتووەتە ســەر دۆزینەوەی جیاوازییە گەشــەیی و دەروونییەکان کە دەگوترێت بە شێوازێکی زگماکی لە سروشــت و کارکــردی ژناندا هەیە. لەگەڵ هەموو ئەم هەوڵانەی دراون، دۆزینــەوەکان بــە گشــتی دەریدەخەن: ١. جیاوازیــی تاکە کەســی زۆر زیاترە لە جیاوازیی ڕەگەزی، بە واتایەکی دیکە ڕەگەز تەنیا یەکێکە لەو هەموو تایبەتمەندییانەی مــرۆڤ پێناســە دەکات. ٢. زۆرینــەی جیاوازییەکانی توانایی لە بوارەکاندا، تا ئەو کاتەی منداڵ دەگاتە تەمەنی ڕۆیشــتن بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی دەرناکەون. «جیاوازیی ڕەگــەزی لەگــەڵ زۆرتر خوێنــدن زیاتر دەردەکەوێت تەنانــەت ئەگەر قوتابخانەکە تێکەڵاویش بێت.»١۶

کە ســەیری ئەو نووســراوانە دەکەیت کە لەســەر جیاوازیی ڕۆشــنبیریی نێوان ڕەگــەزەکان نووســراوە، ئۆلگوویەکــی ســەرنجڕاکێش دەردەکەوێــت. یەکــەم ئــەوەی کە خــۆی ئامــارەکان هەندێک ڕیکوپێکییــان پێــوە دیــارە. زۆرتری ئەو دەرەنجامانەی لەسەر ڕەگەزێکی نموونەیی دەرهاتوون، لەســەر کارکردی دوو لەسەر ســێی کەیســەکان بوون. بــۆ نموونە دوو لەسەر سێی هەموو کوران لە تاقیکردنەوەی بۆردی کۆلێژەکەیان لە بیرکاری باشتر بوون تاکوو بابەتە زمانەوانییەکان و دوو لەســەر

سێی کچان لە بابەتە زمانەوانییەکان باشتر بوون تاکوو بیرکاری. دۆزینەوەکانی بالێز دابەشکردنێکی هاوشێوە نیشان دەدا کە لە گرووپە بچووکەکاندا پیاوان ڕابەرییان زیاتر لەسەر ئەنجامدانی کارە و ژنان لەسەر بابەتی سۆزەکی و جڤاکی.١٧ ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەکان ئەم جیاوازییە دوو لەسەر سێیە نییە بەڵام ناوەنجی دەرەنجامی زۆرینەی تاقیکردنەوەکان لەسەر توانای کەسەکان، ئەمە بووە. ڕەگەز پێوەرێکی زۆر دیارە کە تاقی دەکرێتەوە و دەکرێت لەسەری بگەینە دەرئەنجام، بەڵام ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو یەک لەسەر سێیەی دیکە نادات کە لەم چوارچێوەیەدا ناگونجێن. جگە لە توێکاریی لەشیان، تەنیا شتێک کە لە هەموو ژناندا یەکسانە پێگەی کۆمەڵایەتیی نزمیانە.

دووەم ئەوەی کە کچان لە سەرەتادا زۆر باش دەست پێ دەکەن. زووتر دەست بە قسەکردن، خوێندنەوە و بژاردن دەکەن. زۆر ڕوونتر و جوانتر قسە دەکەن و وشەکان زووتر دەکەن بە ڕستە. کێشەی خوێندنەوە و گرفتی زمانیان کەمترە. تەنانەت لە ساڵەکانی سەرەتای قوتابخانە لە بیرکاری باشترن. تا تەمەنی ئامادەیی، ئەو جیاوازیی ڕەگەزییە کە لە قازانجی کوڕاندایە سەر هەڵدەدات.١٨ لێرەدا ئۆلگوویەکی دیکە دروست دەبێت.

لە ئامادەییدا نەتیجەی کارکردی کچان لە تاقیکردنەوەکانی توانا کەم دەبنەوە و هەندێکجار زۆر بە خێرایی کەم دەبنەوە. هەرچەندە زیاتر لە نیوەی دەرچووانی ئامادەیی کچن، زۆر کەمتر لە نیوەی قوتابیانی زانکۆ کچن. ئەمە بەو مانایەیە کە ڕێژەیەکی زیاتر لە قوتابییە ژنە باشترەکان دەچنە خوێندنی باڵا بەڵام کارکردیان لە بەراورد لەگەڵ کوڕان بەردەوام خراپتر دەبێت.

کچان باشتر دەست پێ دەکەن بەڵام لە کۆتاییدا خراپتر دەبن. ئەم گۆڕانە لە ڕێژەی کارکردیان لە کاتێکی زۆر ئاڵۆزدا ڕوودەدات، لەو دەمەدا کە پێگەیان دەگۆڕدرێت، یان باشترە بڵێین لەو دەمەی تێدەگەن کە وەک کەسێکی گەورە چ پێگەیەک چاوەڕییان دەکات. لە کاتی هەرزەکارییە کە زەختی هاو گرووپییەکان بۆ «ژنانی» یان «پیاوانە» بوون زیاد دەکات و چەمکی «ژنانی» و «پیاوانە» بچووکتر دەبێتەوە.١٩ هەروەها لەم کاتەدایە کە مەیلی کەسی بۆ گونجاندنت هەیە.٢٠

یەکێک لە پێوەرەکانی کەلتوورمان کە کچان خۆیان لەگەڵی دەگونجێنن، ئەوەیە کە تەنیا پیاوانن کە دەبنە باشترین. ئەمە لە توێژینەوەکانی لیپینسکی بە ناوی «پێکدادانی ڕۆڵ-ڕەگەز و ئەنگیزەی دەسکەوت لە ژنانی زانکۆ» کە دەریخست کە ئەو وێنانەی، پیاوان وەک ناوەندی کەسایەتییەکان وێنا دەکەن، بە شێوازێکی بەرچاو زیاتر وێنەی دەسکەوتیان دەردەخست تاکوو وێنەی ژنان.٢١ تەنیا پێویستە تاقیکردنەوەکەی «ئەش» وەبیرمان بینینەوە کە چۆن زەختی هاوگرووپییەکان کە تەنیا بیری سەختی ئێمە لەسەر «ژنانی» و «پیاوانە» بوون، دەتوانێت کارکردی کچان کەم بکاتەوە. ئەش بۆی دەرکەوت کە نزیکەی لە سەدا ٣٣ی کەسەکان بە پێچەوانەی ئەو شتە بیر بکەنەوە کە هەستیان لەسەر شتێکی زۆر هەستپێکراو وەک بەراوردی درێژیی دوو هێڵ پێیان دەڵێت، لە کاتێکدا کە بڕیاریان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکە جیاواز بوو.٢٢ ئەو بەشەی دیکەی لە سەدا ٦٧ تووشی ترۆما بوونەوە کاتێک هەوڵیان دەدا لەسەر بیرۆکەی دروستی خۆیان بمێنن. کاتێک دەچینە سەر بابەتێکی هەست پێ نەکراو، وەک هەڵسوکەوتی ڕەگەز، ڕۆڵ

و سـزای کۆمەڵگە کـە زۆر گەورەترە لە نارەزاییی هێندێک دارودەسـتەی نەناسراو لـە تاقیکردنەوەیەکـدا، بیرۆکەیەکمـان بۆ دەخوڵقێت لەسـەر رێژەی هەناسـەبڕ بوونـی چاوەڕوانییەکانـی کۆمەڵگـە. جێـی سەرسـوورمان نییـە کـە پێوەرە کەلتوورییەکانمـان وا دەکەن کچێک زۆر زیرەک دەرنەچێت یان لە شـتێکدا پێش کوڕ نەکەوێت، یا ئەو زەختانەی کە لەسەر هـەرزەکارەکان زۆر زاڵـە، وا بکات کچان پێیان وابێت گەشەی هزرییان تەنیا ئاکامی نەرێنیـی هەیە. ئەو کورت بوونەی قەدری خـۆ گرتنە و بە خراپ زانینی ڕەگەزی خۆ کە لە لایەن سـمیت٢٣ و گۆڵدبێرگ٢٤ تێبینـی کرابـوو، دەرهاویشـتەیەکی مەنتیقییە. ئەم پاڵەپەسـتۆیانە کاردانەوەی تەنانەت لەسـەر IQ هەیە کە دەگوترێت ناگۆردرێـت. هاوئاهەنگ لەگـەڵ حەز بە قبووڵ کران لە کۆمەڵگەدا، لە ئامادەیی IQ کچان دێتە خوار IQ کوڕان و گەر بچن بۆ زانکۆ هەندێک نمرەی IQیان دێتەوە سەر و گـەر بۆ درێژخایەن ببن بە ژنی ماڵ ئەو نمرەیە دەچێتەوە پرۆسەیەک کە بە نەرمی و بەردەوام ڕوو لە کەم بوونەوە دەکات.٢٥

ئەمانـە تەنیـا دەرهاویشـتە نیـن. بیرۆکەی نەرێنی لەسـەر خۆ دەبێتە هۆی کاردانـەوەی نەرێنی و بە شـێوازێک کە بەس دەتوانین پێی بڵێین پێشـبینییەک کە لەبەر چاوەڕوانییەکان، دێتە دی. ئەوان ئەنگیزەکانیان دەخنکێنن و وزەیان دەخەنە ئەو ئاراستەیە کە ئەگەری زۆرترە لە لایەن کۆمەڵگەوە بە باشـی پاداشـت وەرگرن. دواتر ئەوانەی ئامانجی ئەم زەختانەن لۆمە دەکرێن کە بۆچـی هەوڵیان نەداوە بگەن بە بەرزترین ئاسـتی پاداشت کە کۆمەڵگە پێشکەشی دەکات.

باشـترین نموونـە بۆ ئەم بەسـرانەوە دووانەیە هەر ئەوەیە کە دەروونناسـەکان پێی دەڵێن «پێویسـتی بە دەسـکەوت». لەسەر ئەنگیزەی دەسکەوت لە قوتابییانی پیاوی ساڵی دووی زانکۆ، بە تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوە کراوە. لە ژناندا زۆر بە دەگمەن چاوی لێ کراوە؛ ژنان لەو مۆدێلەی زانایانی کۆمەڵنـاس بـۆ لێکدانەوەی دەسـکەوت لە نـاو پیـاوان دایاننابـوو نەگونجان. لە تاقیکردنـەوەی دەسـکەوتدا کچان وەک کـوڕان ئـەو پەیوەندییەی نێـوان نمرە و دەسـکەوت ناخەنە ڕوو. بۆ نموونە ستیڤەر دەریخسـت کە ئـەو کچانەی «بـۆ زانکۆ ئەنگیزەیـان نەبـوو» لە بـەراورد لەگەڵ ئەوانەی «ئەنگیزەی باشیان هەبوو بۆ زانکۆ»، لـە تاقیکردنەوەی ئەنگیزە بۆ دەسـکەوت نمرەیـان بەرزتر بوو.٢٦ لەسـەر هۆکاری ئەمەیش زۆر بـە کەمی لێکۆڵینەوە کراوە. سیاسەتی گشتیی توێژەرەکان ئەمە بوو کە گەر کچان نەگونجـان لێیان گەڕێن. هەر چەندە کە هەندێک تیۆری پێشنیار کران.

پێیـرس، وای دانـا کە بەشـێک لەو شـێوازانە لەوەوە سـەرچاوە دەگرێت کە بۆ کچان هەر ئـەو پێوەرانە بەکار هێنران کـە بۆ دەسـکەوتی کوڕان لـە قوتابخانە بەکار دەهاتن. بۆیە ئـەو، توێژینەوەیەکی لە سـەر ژیانی هاوسـەرگیری لە بەرانبەر ژیانـی کاری لـە نـاو قوتابییانـی کچی ئامادەیی ئەنجـام دا کە تا ڕادەیەکی کەم پەیوەندییەکی بەردەوامی لە نێوان نمرەی زۆر لە ئەنگیزەی دەسـکەوت و ئاراستەی ژیانی هاوسەرگیری دەرخست.٢٧ لە ساڵی ١٩٦١ توێژینەوەیەکـی دیکەی ئەنجام دا کە پەیوەندییەکـی زۆر بەهێزی لە نێوان نمرەی بەرز لە دەسـکەوت و دەسکەوتی ڕاستەقینە لە ژیانی هاوسەرگیری کە یەک ساڵ دوای دەرچوون لە ئامادەیی پێکهاتبوو نیشـاندا. ئەوانەی چوون بـۆ زانکۆ و/یان ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێنا نمرەیان لە خوارتر بوو.٢٨

هەرچەند کە بە داخەوە ڕوونکردنەوەی لەسەر سەرچاوەی کلاسەکە و تایبەتمەندییەکانی دیکەی توێژینەوەکەی نەدا بەڵام ئاشکرایە کە واقیعی حاڵ وا نییە کە ژنان ئەنگیزەی دەسکەوتیان نەبێت، بەڵکوو ئەو ئەنگیزەیەی لە ژناندا هەیە، لەگەڵ هی پیاوان جیاوازە. لە ڕاستیدا ئاراستەی دەسکەوتی هەر دوو ڕەگەز بۆ ئەو شتانەیە کە کۆمەڵگە دەستنیشانیان دەکات ـ بۆ کوڕان دەسکەوتی خوێندن و بۆ کچان دەسکەوتی ژیانی هاوبەشی. پیێرس ئاماژەی کرد کە «ئەنگیزەی دەسکەوت لە کچان خۆی بە کارکردی ئەکادێمی نابەستێتەوە بەڵکوو زیاتر پەیوەستە بە دەسکەوتی خێرا بە پێگەی کەسێکی گەورە. ئەم بیرۆکەیە مەنتیقییە کە لە ژناندا دەسکەوتی ئەکادێمی لە پێگەی دەسکەوت گرنگیی کەمترە تاکو لە پیاواندا.»٢٩

هەروەها دەڵێت کە «کچان وادەزانن بۆ ئەوەی بگەن بە ژیانی ژنێکی پێگەیشتوو، پێویستە ڕێگەیەکی نائەکادێمی بگرنەبەر، سەرنجی کۆمەڵگە بەدەست بهێنن، جوانیی کەسی و جلوبەرگیان هەبێت، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراویان هەبێت و لەگەڵ پیاوێکی گونجاو ژیانی هاوسەرگیری پێک بێنن. ئەمەیە ژنێکی سەرکەوتووی پێگەیشتوو ... ئەنگیزەکانی دەسکەوتیان ئاراستە کراون بەرەو دانانی ئامانجی تایبەتیان بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ پیاوان ... ئەو کچانەی ڕەوتی ئاساییی گەشە کردنیان گرتۆتە بەر، زۆرتر لە ڕێگەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لە تەمەنی خوارەوەدا پێگەیەکی گەورەساڵی بەدەست بهێنن.» ٣٠

دەسکەوت بۆ ژنان پێگەیەکی گەورانەیە لە ناو ژیانی هاوبەشدا نەک سەرکەوتن بە مانای وشەکە. کەسێک لەوانەیە وا بڵێت کە هەر دوو جۆرە سەرکەتنەکە دەشێن، بە تایبەت بۆ ئەو خانمانەی زۆر ئاراستەی ژیانیان لەسەر دەسکەوتە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دووە زۆر جار وەکوو دوو شتی ناکۆک دەردەکەون، سەرکەوتن لە یەکێکیان دەبێتە سەرنەکەوتن لەوی دیکە.

هۆرنێر لە زانکۆی میشیگان توێژینەوەیەکی ئەنجامدا کە دەریخست بەربەستێکی دەروونی لە ژناندا پێش بە گەیشتن بە دەسکەوت دەگرێت. ئەو تاقیکردنەوەی TATی ئەنجام دا بۆ قوتابیانی بەکالۆریۆس لەسەر چەند وشەیەک کە دەڵێت «دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتاییی تێرمی یەکەم، ئانا بوو بە یەکەم لە ئاستی کلاسەکەی لە زانکۆی پزیشکی.» TATی هاوشێوەیش درا بە گرووپێکی پیاوانە بە ناوێکی پیاوانەوە. دەرەنجامەکە وێنای ترس لە دەسکەوت هەڵدەسەنگێنێت و هۆرنێر بۆی دەرکەوت کە ٦٥٪ی ژنان و تەنیا ١٠٪ پیاوان بە ئاشکرا «ئەنگیزەی دووریگرتن لە سەرکەوتن»یان تێدا بوو. ئەو ئەنجامەکان وا لێکدەداتەوە کە چاوەڕوانیی سەرکەوتن یان بارودۆخێک کە سەرکەوتن یان شکست ئەگەری ڕوودانیان هەبێت، وا پێدەچێت و هەر لە ڕاستیشدا بۆ ژنان دەرهاویشتەی نەرێنیی دەبێت. سەرکەوتن بە مانای ئاساییەکەی بۆ ژنان مەترسیدارە. توێژینەوەی زیاتر سەلماندی کە ترس لە پەسەند نەبوون لە لایەن کۆمەڵگە و ناکۆکیی ڕۆڵەکان بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی «ئەنگیزەی دووریگرتن کە سەرکەوتن.»٣١

جیاوازیی توانا، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ جیاوازیی حەز٣٢ و ژنان زۆر حەزیان لە دووریگرتنە لە سەرکەوتن کە لەبەر زەختی هاوڕەگەزەکانیان و کەلتوور ئەوە زەقتر دەبێت. هەرچەندە زۆرێک لە جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە تەمەنێکی خوارەوەدا سەرهەڵدەدەن و

زەختی هاوڕەگەزەکانیان کاریگەریی وای لەسەریان نییە و پەیوەندیی بە ڕۆڵە ڕەگەزییەکانەوە نییە. یەکێک لەم جیاوازییە ڕەگەزییانە توانای تێگەیشتنی کەلێنییە، یان توانای پێش چاو هێنانی شتەکان لە دەرەوەی چوارچێوەیەک کە تێیدان. لەم تاقیکردنەوەیەدا کوڕان باشترن بەڵام جیاوازییەکەی تا تەمەنی چەند ساڵی یەکەمی قوتابخانە دەرناکەوێت.٣٣ باقیی تاقیکردنەوەکانیش ئەوە دەردەخەن کە کوڕان شیکاری (شیکارانە) بیردەکەنەوە، لە کاتێکدا کچان بە شێوازی ناوەڕۆکی (ناوەڕۆکانە). ئەم توانایەی «پەیوەست نەبوون بە مەیدان» تا ساڵی چوارەم و پێنجەم دەرناکەوێت.٣٤

بە پێی بۆچوونی مەککۆبی ئەم شێوازی وەرگرتنە ناوەڕۆکییە کە لە ناو ژناندا باوە، بە زەرەری بەرهەمی زانستییە. «بە شێوازێکی ناونجی، کچان ڕێگایەکی جیاواز بۆخۆیان دادەنێن بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارییانەی پێیان دەگات — بیرکردنەوەیان زۆر شیکارییانە نییە و زیاتر گشتاندنە و پارێزکارانەیە — ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە ڕەنگە بۆ زۆرێک لە کارەکان سوودمەند بێت بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە نییە کە ببێتە ئاستێکی بەرزی بەرهەمهێنانی زیرەکانە، بە تایبەت لە زانستدا.»٣٥

چەندین کۆمەڵناس وایان لێکداوەتەوە کە سەرەکیترین تایبەتمەندیی گەشەی بیرکردنەوەی شیکاریانە، هەر ئەوەیە کە پێی دەگوترێت «ڕاهێنانی سەربەخۆ و لێهاتوو» یان «چەندە زوو منداڵێک هان دەدرێت دەستپێشخەر بێت و بەرپرسیارێتیی خۆی هەڵبگرێت و کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، تاکوو ئەوەی کە بۆ ئاراستەی چالاکییەکانی پشت بە کەسانی دیکە ببەستێت.»٣٦ بە گوتەیەکی دیکە، ئەو منداڵانەی بە شێوازێکی شیکارییانە هان دەدرێن هەر دەبنە ئەوانەی کە برۆنفێنبرێنێر دەڵێت کە «زیاد لە حەد جڤاکی»٣٧ نەبوون و بەڵگەی ناڕاستەوخۆ هەیە کە ئەم وتەیە ڕاستە. لێڤی تێبینیی کردووە کە ئەو کوڕانەی «زیاد لە حەد پارێزراون» ئاستی زیرەکییان وەک کچان دەبێت.٣٨ بینگ دەریخست کە ئەو کچانەی لە کارە فەزا و شوێنییەکاندا (مکان) باشن، دایکیان لێیان گەڕاون خۆیان کێشەکانیان چارەسەر کەن، لە کاتێکدا ئەو دایکانەی کچەکانیان مەیلیان لە دوان و زمانەوانییە، هەوڵیان داوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان یارمەتییان بدەن.٣٩ بە هەمان شێوە، ویتکین دەریخست کە دایکی منداڵە لێکۆڵەرەکان هانیان داون دەستپێشخەر بن لە کاتێکدا دایکی ئەو منداڵانەی لێکۆڵەرییان نەدەکرد، هانییان دەدان پێبەند بن و دووریان دەخستنەوە لە خاوەنبیر بوون.٤٠ نووسەرێک لەسەر ئەم توێژینەوانە تێبینیی نووسی کە «ئەمە دوور لە چاوەڕوانی نییە، چونکە منداڵێکی سەربەخۆ ئەگەری کەمە شتێکی هەروا قەبووڵ کات بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لێ بکات، لە کاتێکدا منداڵێکی پشتبەستوو، دەترسێت خۆی بەدواداچوون بکات و بەبێ پرسیار کردن شتەکان قەبووڵ دەکات. بە گوتەیەکی دیکە، منداڵە سەربەخۆکە نەتەنیا چالاکبوونی جەستەیی و دەروونیی زۆرە و بە جەستە چالاکە، بەڵکوو بە شێوازێکی سروشتی ئەزموونی جووڵەییی زۆرترە و پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ ژینگەی خۆی دەبەستێت.»٤١

ئەو تایبەتمەندییانەی پەیوەستن بە ڕاهێنانی سەربەخۆییەوە، کاردانەوەیان لەسەر IQ هەیە. سۆنتاگ توێژینەوەیەکی درێژەڕۆیی کرد کە ئەو منداڵانەی IQ یان لەگەڵ سەرکەوتنی تەمەنیان باش ببوو، لەگەڵ ئەوانە بەراورد کرد کە IQ

یان لەگەڵ سەرکەوتنی تەمەنیان هاتبووە خوارەوە و بۆی دەرکەوت کە ئەو منداڵەی IQی سەر دەکەوت، ئامادەی پێشبڕکێ بوو، خاوەن بیری خۆیەتی، سەربەخۆیە و لە پێکداچوون لەگەڵ منداڵانی دیکە زاڵە. ئەو منداڵانەی IQیان دەهاتە خوار سست، شەرمن و پشتبەستوو بوون.٤٢

مەککۆبی لەسەر ئەم توێژینەوەیە تێبینی نووسیوە کە «ئەو تایبەتمەندییانەی پەیوەندییان بە زۆربوونی IQوە هەیە، زۆر ژنانی نین . کاتێک کە لە یەکێک لەوانە پرسیار کرا کە چ جۆرە مێژوویەکی گەشەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کچێک زیرەک بێت، وڵامی دایەوە: سادەترین ڕێگە بۆ گوتنی ئەمەیە کە ئەو کچە دەبێ لە منداڵیدا هەندێک کوڕانی بێت.»٤٣

بە هەمان شێوە، کاگەن و مۆس گوتوویانە کە «ژنانێک کە لەو بابەتانەی پێویستییان بە بەهرەی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ئاڵۆز هەیە کارکردیان باشە، ئەو پێناسە مێیینەییە نەریتیانە ڕەد دەکەنەوە.»٤٤ هەروەها بۆیان دەرکەوت کە لەو منداڵانەی لە توێژینەوەی فێل بەشدار بوون، «پارێزگاری لە کچان لە منداڵی و گەورەییدا، پەیوەست بوو بە هەڵبژاردنی حەز و زەوقی ژنانی. پارێزگاریی دایکانە هەم کچان و هەم کوڕانی ژنانی دەکرد.»٤٥ هەرچەندە بەهرەی شیکارییانە تەنیا بەهرەیەک نییە کە لە کۆمەڵگەدا بەهای پێ دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە بیرۆکەی ناوەڕۆکی و لە ئاراستەی کەسەکانیش بەهرەی بە بەهان بۆ زۆرێک لە بابەتەکان، ژنان لەو بابەتانەیش کەم دەبینرێن. ئەو تایبەتمەندییانە لە هونەر و هەندێک زانستی کۆمەڵناسی گرنگن. هەرچەندە ژنان لەم بابەتانە سەرکەوتووترن، تاکوو لە زانست، هێشتا دەسکەوتیان بەرابەر نییە لەگەڵ هی پیاوان. یەک ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە هۆرنێر باسی «ئەنگیزەی دووری گرتن لە سەرکەوتن»ی کردووە، بەڵام گەر زۆرتر توێژینەوەی لەسەر بکەین، دەبینین کە هۆکارەکەی بۆ کاتێکی زووتر دەگەڕێتەوە.

هەر ئەو ڕاهێنانی لێهاتوویی و سەربەخۆییە کە کاردانەوەی باشی لەسەر بیرکردنەوەی لێکۆڵەرانە هەیە، ئاستی مەیلی ئەو کەسە بۆ دەسکەوت دیاری دەکات.٤٦

هەرچەندە توێژینەوەی تێروتەسەل بۆ بەراوەرد کردنی هەڵسوکەوتی دایک و باوکان لەگەڵ کچان و کوڕان نییە، ئەوانەی کە ئەنجام دراون دەریدەخەن کە ئەو نەریتانەی بەسەر کچاندا سەپێندراون، زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی بەسەر کوڕاندا سەپێندراون. کچان سۆزی زیاتر، پارێزگاریی زۆرتر، کۆنترۆڵی زۆرتر و بەستنەوەی زیاتر وەردەگرن. کوڕان زیاتر بەر داواکاری بۆ دەسکەوت و چاوەڕوانیی زیاتر دەکەون.٤٧ بە کورتی، لە کاتێکدا کچان هەمووکات لە خۆیانەوە هان نادرێن کە پشتبەستوو بن، بە هەمان شێوەیش هان نادرێن کە سەربەخۆ و بە جەستە چالاک بن. «ئەم زانیارییانە دەریدەخەن کە هەڵسوکەوتی جیاواز لەگەڵ دوو ڕەگەزەکە تا ڕادەیەک لە جیاوازیی ئامانجەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ کوڕان جڤاکی بوون وەک ئامانجێکی سەرەکییە بۆ دروست کردن و بنیاتنانی کاریگەریی کوڕان لە ژینگەدا. ئامانجی سەرەکی بۆ کچان پاراستنیانە لە کاردانەوەی ژینگە. کوڕ ئامادە دەکرێت دنیا لە شێوەی خۆی بکات و کچ بۆ ئەوەی شێوەی دنیا بگرێت.»٤٨ برۆنفێنبرێنێر دەڵێت ئەم شێوەیە لە کچاندا نموونەییە ومەترسیی «زیاد لە حەد جڤاکی بوون» لە خۆ دەگرێت.

ئەو لەسەر کاردانەوە نەرێنییەکانی ئەم «زیاد لە حەد جڤاکی بوونە» لە سەر کچان ڕوونکردنەوە نادات، بەڵام نیگەرانیی

خۆی دەردەبڕێت بۆ ئەوەی کە چ بەســـەر «کوالیتیی سەبەخۆیی، دەسپێشخەر بوون و خۆ بژێــوی»ی کوڕان دێــت ئەگەر ئاوا ڕاهێنانێـــک بەوان بکرابایە. «لە کاتێکدا کە چوارچێوەیەکی سۆزەکی بۆ جڤاکی بوونی کـــوڕان گرنگە، دەبێت لەگــەڵ تەربیەتی دایک و باوکی بگونجێـــت، بە پێچەوانەوە کوڕەکە خۆی لە هەمان دۆخی ئەو کچەدا دەبینێت کە لەبەر ئەوەی سۆزێکی زۆرتری وەرگرتووە، بە نیســـبەت وەرنەگرتنی سۆز هەستیارترە، و لە ئاکامدا هێندێک تەربیەت، نەتیجەی زۆرترە و ئەمر کردن بە جێگەی ئەوەی دروستکەر بێت دەبەستێتەوە.»٤٩

تویژینەوەکانی شاکتێر لەسەر منداڵانی یەکـــەم و ئەوانەی دواتـــر لەدایک دەبن، پشتگیریی ئەمە دەکات کە دەرهاویشتەی جیاوازی لـــە جڤاکی بـــوون، جیاوازی لە کەســـایەتییە. منداڵانی یەکەمی خانەوادە وەکـــوو کچان جڤاکیترن بەڵام شـــڵەژاوتر و پشتبەســـتووترن، لە کاتێکـــدا منداڵانی دووەم وەک کـــوڕان متمانەیان بە خۆیان زیاترە و توندوتیژترن.٥٠

برۆنفێنبرێنێـــر وا هەڵیدێنجێـــت کـــە گـــۆڕاوی چارەنووســـاز جیاوازیی هەڵســـوکەوتی باوکە و «لە ڕاستیدا، ئەمە باوکە کە لەوانەیە لەگـــەڵ دوو ڕەگەزەکە جیاواز هەڵسوکەوت بکات.» ئەوپەڕی سۆز دەربڕینی بـــاوک یان ئەمـــر کردنی، هەر دووی هەر زیانبەخشـــە. زیاد نەرم بوون و پارێـــزگاری کردن لە کچـــان دەبێتە هۆی «زیاد لـــە حەد جڤاکی بوون»، بەڵام بوونی وزەیەکی بەهێزی باوکانە بە تایبەت لاوازی دەکات. بە کورتی، کوڕان لە چوارچێوەیەکی باوک ســـالارانەدا دەگەشێنەوە و کچان لە چوارچێوەیەکی دایک سالارانەدا.»٥١

تێبینیەکانـــی لـــە لایـــەن دووڤـــان پشـــتگیریی لێ کرا کە گوتوویەتی «کاری نیـــوە وەختی دایـــکان لەســـەر منداڵانی هـــەرزەکار کاریگەریـــی ئەرێنیی هەیە، بە تایبەت منداڵانی کچ. ئەمە وا دەریدەخات کە هەرزەکاران ڕەنگـــی دایکایەتی زۆر لە حەد وەرگرن.»٥٢

گرنگیی دایـــک و دایکایەتی کردن لە لایـــەن کاگـــەن و مۆس تێبینـــی کرا. بە چاو لـــێ کردن لەو باشـــترین نموونەیەی دایکان دەیخەنە بەردەستی کچەکانیان کە خەریکی گەشـــە کردنن، بۆیان دەرکەوت کە ئەو ژنانەی بە ناژنانی ســـەیر دەکرێن، کچەکانیـــان بـــە شـــێوازێکی زیرەکانـــە دەسکەوتیان هەیە. ئەم دایکانە «توندوتیژن و ئامادەی پێشـــبڕکێ کردنـــن و بەرانبەر کچەکانیـــان ڕەخنەگـــرن و خۆیـــان لای کچەکانیان وەک پێشبڕکێکارێکی زیرەک و مۆدێلە نموونەییەکی توندوتیژ نیشـــان داوە. مەنتیقییە کە وا دابنێین کە کچەکان خۆیان هاوتای ئەم ژنانە دیوە و بەهایان بە هەڵسوکەوتی لێهاتوو داوە.»٥٣

وا پێدەچێت کە ڕەگەزەکان بە شێوازی جیـــاواز، بـــە پەروەردەیەکی جیـــاواز و بۆ ئامانجی جیاواز و بە ئاکامی جیاواز، جڤاکی کـــراون. ئەگـــەر بۆچوونـــی مەک‌کلیلەند لەســـەر تـــەواوی ئـــەو پەیوەندییانەی لە نێوان شێوەکانی پەروەردەکردنی منداڵ(بە تایبەت لەبواری سەربەخۆیی و لێهاتوویی)، نمرەی ئەنگیزەی گەشەکردنی ئەو تاکانەی لـــە تاقیکردنەوەکەدا بوون، ســـەرکەوتنی ڕاســـتەقینەی تاکـــەکان و لەڕاســـتیدا گەشـــە کردنـــی ئابووریـــی کۆمەڵگەکان دەیاندۆزێتـــەوە، ڕاســـت بێـــت،٥٤ ئیتـــر پرسیارێک لەسەر ئەوە نامێنێتەوە کە بۆچی دەسکەوتی مێژوویی ژنان ئەوەندە کەمن. لە ڕاســـتیدا، ئەو پەروەردەی پشتبەستوو بوونەی لە ســـەرەتای ژیانیان وەریدەگرن ئەو پرســـیارە دروست دەکات کە چۆن ئەو هێندە دەسکەوتەشیان هەبووە.

بەڵام ئەمە هەمـــووی چیرۆکەکە نییە.

مەککۆبی لە باسێک لەسەر پەیوەندیی پەروەردەی سەربەخۆبوون لەگەڵ توانای شیکاریدا دەڵێت کە ئەو کچەی تەسلیمی زیاد لە حەد پارێزراوی نابێت و کەسایەتی و ڕەوشتێکی گونجاوی ڕەگەزەکەی دروست دەکات، بەهایەکی زۆر دەبێ بدات: بەهای شڵەژاو بوون. یان وەک ئەو ڕەخنەگرانەی دیکە گوتوویانە: «دنیای هەڵسوکەوتی شیاوی پیاو و ژن لە سەرەتای گەشەکردنیان دروست دەبێت و بۆ منداڵ ئەستەمە ئەم سنوورە کەلتوورییانەی بەسەریدا سەپاوە بە بێ کێشە و ململانێ ببەزێنێت.»٥٥

کەمێک لە دڵەڕاوکێ بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە باشە، بەڵام دڵەڕاوکێی زۆر یان بەردەوام زەرەر دەگەیێنێت، «چونکە هەوڵی چارەسەر کردن کەم دەکات، دەستێوەردان لە وەرگرتنی پشوو دەکات و وەرگرتنی پێکهاتەکانی بیرکردنەوە ڕادەگرێت.»٥٦ ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ بە تایبەت لە ژنانێکدا کە دەچنە زانکۆ هەیە٥٧ و بە دڵنیاییەوە ئەوان لە نێوان چالاکیە ڕۆشنبیرانەکانی ئێستایان و چاوەڕوانیی هەڵسوکەوتکردنیان لە پیشەی ڕۆشنبیرانەیان لە داهاتوودا، هەست بە زیاترین گرژی دەکەن.

مەککۆبی هەست دەکات «ئەم دڵەڕاوکێیەیە کە دەبێتە هۆی نەبوونی بەرهەم لە ناو ئەو ژنانەی کە پیشەی زیرەکانەیان هەیە.» تێکەڵاوی زەختی کۆمەڵگە، چاوەڕوانیی ڕۆڵگێری و پەروەردەی دایباوان دەکاتە «چیرۆکێکی ترسناک کە تەنانەت لەو کاتەی کە ڕۆشنبیر بوون و میزاجێکی باشیان هەیە و خوویان گرتووە بە بەکار هێنانی ئەم بەشە لە ڕۆشنبیرییەوە، خۆی دەردەخات و دەبێت زۆر بەهێز بێت بۆ ئەوەی دڵخۆش و سەلامەت بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە ڕۆشنبیر بوون.»٥٨

هۆکاری ئەم چیرۆکە ترسناکە دەبێ ئێستا ئاشکرا بێت. بە پێی نەریتەکان، ژنان وەک بوونەوەرێکی سست لە سێکس و بە جەستە و بە دەروون پێناسە کراون. ڕۆڵ گێڕانیان بە ڕۆڵی سست و پشتبەستوو و یارمەتیدەر سنووردار کراوە و لەو کاتەی لەدایک دەبن پەروەردە دەکرێن لەم ڕۆڵانەدا بگونجێن. هەرچەندە ئەو تایبەتمەندییانەی کەسێک پێی سەرکەوتوو دەبێت لە کۆمەڵگەدا، تایبەتمەندیگەلێکی چالاکن. حەز بە دەسکەوت کردن، ڕۆشنبیری و توانای شیکاری بە ڕێژەیەکی زۆر پێویستن.

تا ئەو کاتەی ژنان لەو قەناعەتەدا بوون کە ئەم تایبەتمەندییانە سەرووی توانای ئەوان بووە و ئەوان بن دەستن و تا ئەو کاتەی بە مانەوە لەو پێگەیەدا دڵخۆش بوون، بە بێدەنگی لەژێر کاریگەریی سیستەمی باوکسالارانەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا مانەوە. باوکسالاری سیستەمیکی ژیانی پێش پیشەسازی بوو و قورساییەکەی لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی تا ڕادەیەک کەم بووەوە.٥٩ بەم شل بوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتییە، بەهرەی ژنان دەرکەوت.

لە سەدەی ١٨ بڕوا وا بوو کە هیچ ژنێک جگە لە سافۆ، تا ئەو کاتە لە ویژەدا بەرهەمێکی گرنگی نەبووە. بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ژنانی نووسەری زیرەک بە لێشاو هاتنە گۆڕەپانی ویژەوە.٦٠ تا کۆتاییی سەدەی ١٩ ژنانی زانستیی دیار دەرنەکەوتن و دواتریش ژنانی فەیلەسوف سەریانهەڵدا.

تەنیا دوای ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی پلەی کۆمەڵایەتیی شڵەژاند، ژنان توانییان هەندێک لە نەریتەکانی کۆمەڵگە بشکێنن. لە کۆمەڵگەی پێش شۆڕشی پیشەسازیدا بنەماڵە یەکەی بنەمایی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بوو و ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان تێدا دەدیت. بەرز بوونی ڕێژەی مردن و لەدایک بوون لەو کاتەدا

لەگەڵ ئەم بابەتە دەرفەتێکی باشی بە ژنان دا کــە کاری خۆیان لە ناو ماڵدا بکەن کە ناوەندی بەرهەمهێنـــان بوو و ژنان توانیان هاوکات لە ماڵ و لە هەموو دنیا دەرکەون. بەڵام شۆڕشی پیشەســازی لەگەڵ هاتنە خوارەوەی ڕێژەی مردنی منداڵانی ســاوا، زۆرتــر بوونی هیــوای ژیان و گــۆڕان لە ڕێکخراوە ئابوورییــەکان، بنەماڵەیان وەک یەکەیەکی ئابووری تێکشکاند. پێشکەوتنی تەکنەلــۆژی، ژنی لە مــاڵ هێنا دەرەوە و ئــەو کارانەی پێشــتر بــە ژنانــی دادەنرا جێگرەوەی بۆ هــات.٦١ بۆ یەکەم جار لە مێــژووی مرۆڤ، ژنان خۆیــان بە تەواوی تەرخــان کرد بۆ ئەوەی بە پێی پێویســت دایکایەتی بکەن.٦٢ چەمکی کۆمەڵگەیش گۆڕدرا. سەردەمێک پلەبەندیی باڵادەستی نۆرم بوو و باوکســالاری دەرهاویشــتەی تێڕوانینــی باڵادەســتیی کۆمەڵایەتــی بوو. لە کاتێکــدا ئەســتەمە توێژینەوە لە کۆمەڵگەی فیئۆدالیســتی بکرێت، دەزانین کە ڕێژیمی دیکتاتۆری وەک تایبەتمەندی، پەیوەندیی بەهێــزی هەیە لەگەڵ چەمکە توندەکانی ڕۆڵی سێکسی و لەگەڵ ڕێژیمی نەژادگەرادا.٦٣ لە زانیارییە نەژادزانییەکاندا بۆمان دەرکەوتــووە کە «هاوتەرییییەک لە نێوان پەیوەندیــی بنەماڵەیی و پلەبەندییە گەورەترەکانــی کۆمەڵگەدا هەیە. کۆمەڵگە ئۆتۆکراتیکەکان، بنەماڵــەی ئۆتۆکراتییان هەیــە، چونکــە پاشــا حوکمڕانــی بــە ژێردەســتەکانی دەکات و خانەدانەکانیش ملکەچیــی دەکــەن و ژێردەســتەکانیان دەچەوســێننەوە و پیاوەکانیــش خۆیــان بەسەر ژنەکانیاندا زاڵ دەکەن و باوکەکان بەسەر کوڕەکانیاندا.»٦٤

بە پێی گوتــەی داندرەید، «گۆڕاوێکی دیکە کە کاریگەریی لەســەر دابەشکردنی دەســەڵات هەیــە و دوو ڕەگەزەکــە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پیاوان چەند زیاتر لە ژنان کۆنترۆڵیان بەســەر ملکەوە هەیە.»٦٥ ئەو، زانیاریی خستەڕوو کە لە نێوان ڕێژەی باوکانە بوونی بەشــی زگماکی، سەرکەوتن و ڕوو لــە کەم بوونی ئەندامێتی لەگەڵ بن دەست بوونی ژناندا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەردەخست.

تەنانەت ئێستایش یەکسانیی ڕەگەزەکان لە ناو بنەماڵەدا دەرهاویشــتەی یەکسانیی ئابووریی هاوســەرەکانە. لە نموونەیەک لە دیترۆیــت، بلۆد و وۆڵف دەریانخســت کە گــەر ژن کار نەکات دەســەڵاتی ڕێژەییی کەمە و بــە پێی ڕێژەی هاوکاریی ئابووری بــۆ بنەماڵە ســەردەکەوێت.٦٦ کار کردنی ژنان بە یەکسانکردنی سەرچاوەکانی ژن و مێرد، کاریگەریی هەیە لەســەر پێکهاتەی دەســەڵاتی خێزان. مێردی ژنێک کە کار دەکات باشــتر گوێی بــۆ دەگرێت و خۆی ژنەکەیش باشــتر گوێ بۆ خۆی دەگرێت. ئەو باشــتر خــۆی دەردەبڕێت و بیرۆکەی زیاتری هەیە. بــە جێگەی ئەوەی کە چاو لە مێردەکەی بکات و ئەو ســتایش بکات، خۆی دەهێنێتە ئاستی ئەو و ڕێگەچارە بۆ کێشەکان دەبینێتەوە. بۆیە دەسەڵاتی زۆرتر دەبێت و ئەگەر ڕێژەیی هەڵیســەنگێنین، دەسەڵاتی مێردەکە کەم دەبێتەوە.٦٧

گوودیش ئەم ئۆلگووەی تێبینی کردبوو بەڵام دەیگوت کە ئەو ڕێژەیە بە پێچەوانەی ئاســتی پلەی کۆمەڵایەتــی دەگۆڕێت.٦٨ هیــڵ ئەوەندە هاتە پێش کــە بڵێت «پارە ســەرچاوەی دەســەڵاتە کە باڵادەســتیی پیــاوان لە ناو خێزان دەپارێزن ... پارە هی ئەو پیاوەیە کــە پەیدای دەکات نەک هی ئەو ژنەی کە خەرجی دەکات، چونکە ئەو پیاوە دەتوانێت ئەو سەرچاوەیە ببڕێت.»٦٩ هاڵێنبێک پێی وایە کە زیاتر لە سەرچاوەی دارایی لەم بابەتە کاریگەریی هەیە، بەڵام وا دەڵێت کە لە هەر بنەماڵەیەکدا باڵانســێک لە دەســەڵات هەیە کە کاریگەری لەسەر

«هەموو ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی هاوسەرگیری – کەرتی کار، ڕێژەی سازان لەگەڵ هاوسەر، شێوازی چارەسەری کێشەکان و هتد دادەنێت.» ٧٠ بلۆد پێی وایە دۆخی ئابووری، کاریگەریی هەیە لەسەر هەموو پێکهاتەکانی خێزان.

«کچی ئەو دایکانەی کار دەکەن سەربەخۆترن، زیاتر پشت بە خۆیان ئەبەستن، توندوتیژترن، زاڵترن و کەمتر گوێ دەگرن. ئەو کچانە چی دیکە لاواز، ئارام، گوێگر و ژنانی نین وەک ئەو «خاتوونە وردیلانەی» کە دەبێ ببن. ئەوان زبر و قایمن و بە چالاکی بیرۆکەی خۆیان دەردەبڕن و هیچ شتێک لە هیچ کەس قەبووڵ ناکەن ... چونکە دایکیان نموونە بوون بۆیان و کچەکانیشیان بوێرییان دەست کەوتووە کە خۆیان پارە پەیدا کەن. ئەو کچانە زۆرتر کاری نیوە وەخت دەکەن دوای قوتابخانە و لە پشووی هاویناندا.» ٧١

بەری، بەیکن و چایلد شیکارییەکی نەژاد-مێژوونووسییان کرد کە بینینێکی زیاتر دەدات لەسەر سەرچاوەی زاڵبوونی پیاو. دوای توێژینەوە لە ڕاپۆرتە نەژادنووسییەکانی ١١٠ کەلتوور بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەو جیاوازییە ڕەگەزییە گەورەیە و بالادەستیی پیاو، لە ئێستادا هەیە و لە «ئابوورییەکدا ڕوو ئەدات کە تیشکێکی زۆر دەخاتە سەر هێزی بالادەست و گەشەکردنی باشتری شارەزاییی جووڵە کە پێویستی بە هێزە و تایبەتمەندییەکی پیاوانەیە.» ٧٢ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە هێزی جەستەییی زۆر و جووڵە بۆ زیندوو مانەوە پێویستە، ڕەگەزی بەهێزتر و بەجووڵەتر زاڵ دەبێت. ئەم بیرۆکەیە، بە توێژینەوەی سپیرۆ لەسەر ڕۆڵی ڕەگەزی لەناو کێڵگە هەرەوەزییەکان لە ئیسراییل پشتگیریی لێ کرا. لەوێ ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو مێکانیزە نەکرابوو و هێزی بالادەستی پیاو لە زۆرینەی کارەکاندا پێویست بوو. بۆیە لەگەڵ ئەو هەوڵە هۆشیارانەیەی ئەدرا بۆ شکاندنی نەریتی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، ژنان بۆ ئەو کارانە دادەنران کە کەمتر سەختییان تێدا بوو.٧٣

هەرچەندە هەندێک کار هەن کە ئەکرێ بڵێین هەموو کۆمەڵگەیەک تەنیا بە پیاوان یان ژنانی دەسپێرن، بەشێکی زۆری پیشەکان بۆ هەر دوو ڕەگەز دەبن. لەڕاستیدا تەنانەت لە کۆمەڵگە زۆر سەرەتاییەکانیش هەموو کارەکان هەم بە پیاو دەکرێن و هەم بە ژن. بە ڕێژەیەکی یەکسان لە گرنگی، ڕەنگە ئەو کارەی لە کۆمەڵگەیەک پیاوانەیە، لە کۆمەڵگەیەکی دیکە ژنانە بێت.٧٤ هەرچەندە، هۆکاری کەرت کردنی کار بەسەر ڕەگەزەکاندا سنووردار بوونی توانا جەستەییەکان نییە، ئەوەی لە کۆمەڵگەیەک بە کاری ژنانی بزانرێت، زۆر بە دەگمەن لە لایەن پیاوانەوە دەکرێت و بە پێچەوانەشەوە. وا پێدەچێت ئەوەی لەبەر زەروورەتی زیندوو مانەوە کارەکانی دابەش کرد بە زۆر بابەتی دیکەیش ڕێگەی پەیا کردووە و بەرگەی گرتووە؛ تەنانەت تا دوای ئەو کاتەیش بەهای کۆمەڵگەیی نەماوەتەوە. لەو جێگەیەدا هێز و جووڵە پێویست بووە بۆ زیندوو مانەوە، بالادەستی و زاڵبوونی پیاو لە هەمووی زەقترە. بالادەستیی پیاو هاتە ناو پێکهاتە بەهاییەکان و هەروا مایەوە.

بۆیە لەگەڵ کۆتاییهاتن بە پێویستی بە هێزی پیوان، بالادەستییان کۆتایی پێ نەهات. هەروا کە گوود ئاماژەی پێ کردووە، یەک فاکتەر بەردەوام کاریگەریی لەسەر دابەشکردنی کارەکان بەسەر ڕەگەزەکاندا، تەنانەت لە کۆمەڵگە سەردەمیەکانیشدا هەبووە: «هەر چەندە کارە پیاوانەکان زەحمەتتر بن زیاتر شانازییان پێوە دەکرێت ... کاری کۆنتڕۆڵ کردن، بەڕێوەبردن،

بڕیاردان لــه لایەن خوداکانەوە پەســەند بووە. بە کورتی، ئــەو کارە پلە بەرزترانەی پێویســتی بە هێــز و خێرایی یــان دوور بوونەوە لە ماڵ هەبێت، پیاوانەن.٧٥

هەروەها دەڵێت «ئەم فاکتەرە وا دەکات دابەشکردنی کار بەسەر ڕەگەز لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی مەترسیدار نزیک بێت لە بەربەســتە تیرە و نەژادییەکان لە هێندێک لە وڵاتە مۆدێرنەکاندا. واتە نەژاد، تیرە یان ڕەگەزی ژێردەســت وا دەناسرێن کە ناتوانــن هەندیک کاری پایەدار و بەرز بکــەن و ئەگەریش ئەو کارانــە بکەن بە نەشــیاو دەزانرێت. ئەگەر ژنان بەڕاســتی توانای ئەنجامــی کارە پیاوانەکانیان نییە، پێویستیش ناکات بە ڕێگریی ئەخلاقییەوە پێشیان پێ بگیرێت.»٧٦

ســەرچاوەی ڕۆڵــە ڕەگەزییــەکان پێویســتیی ئابوورییە بــەڵام ئەو بەهایەی پێــوەی مــاوە بووەتە بەشــێک لە خودی ڕەگەزەکــە. تەنانــەت لــە کەلتــوورە جیاوازەکانیشــدا ئەم ڕۆڵانە و شــێوازی تێڕوانین بۆ ئەوانە جێگیرە. بەری، بەیکن و چایڵــد، بۆیان دەرکــەوت کە «زەخت لەسەر تەربیەت، گوێگر بوون و بەرپرسیار بوون، زیاتر لەسەر کچانە لەکاتێکدا زەختی سەرکەوتن و پشت بە خۆ بەستن لەسەر کوڕانــە.»٧٧ ئەم جڤاکــی بوونە لە کۆنەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەبووە. هەروا کە توێژینــەوەی بەری، بەیکــن و چایڵد پیشــان دەدات، ئەم جڤاکی بوونە منداڵان ئامادە دەکات کە لە گەورەســاڵیدا ژن لە ماڵ بمێنێتەوە و پیاو بچێتە دەرەوەی ماڵ و ســەرکەوتوو بێت. هەر چەندە کۆمەڵگە زیاتر توانای جەستە زەق بکاتەوە، جیاوازیی ڕۆڵــی ڕەگەزی و ڕەگــەزەکان لە جڤاکی بووندا زیاتر دەبێت.

ڕەنگە ئەم جیاوازییانەی ڕۆڵی ڕەگەزی، ســەردەمیک لە خزمەت کارێکی سروشتیدا بووبێتن، بەڵام لەوەی کە هێشــتا پێویست بــن گومان هەیــە. ئــەو تایبەتمەندییانەی ئێســتا لــە ژن و پیاو دەبینرێــن، ئاکامی ئەو جڤاکــی بوونەیە کە بۆ زیندوو مانەوەی کۆمەڵگەیەکی ســەرەتایی پەرەی سەندووە. پێکهاتــەی بەهای باڵادەســت بوونی پیاو، ئاکامی بەها و ئاراستە سەرەتاییەکانە. بەڵام لەو سەردەمەوە تا ئێستا، دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابــووری زۆر گۆڕاوە. تەکنەلۆژی گرنگیی هێــزی ماســولکەی هێناوەتە ئاســتێکی نزیک بە ســفر. لە ڕاســتیدا ئەو تێڕوانینە شــەڕەنگێزەی کــە هێزی جەســتە و زاڵ بوون دەکاتە نموونەیی، وێرانکەرە. بنەماڵەی گەورەیــش بەهای نەمــاوە، ئێســتا ئێمە نیگەرانــی زیادبوونــی بێ وێنــەی ژمارەی دانیشــتووانین و پێمان باشــترە کۆمەڵگە گرینگــی بە باش بوونی منداڵان بدات نەک زۆر بوونیــان. دەرەنجامی ئەم هەموو گۆڕانە ئەوەیە کە ڕۆڵی ڕەگەزی و بنەمای نەریتیی خێزان کارکردی لەدەست داوە.

ئۆلگووی بارهێنانی منداڵیش تا ڕادەیەک گــۆڕاوە. برۆنفێنبرێنێــر دەڵێت کە لانیکەم دایباوکانی چینــی ناوەندی «پەیوەندییەکی پەســەندتر و یەکســانخوازانەتریان لەگەڵ منداڵەکانیان» دروســت کردووە.٧٨ لەگەڵ ڕوو لــە زۆرتر بوونی پێگــەی کۆمەڵایەتیی خێزان، ئۆلگووی هەڵســوکەوتی دایباوکان شــێوەیان لەیەک نزیک دەبێتــەوە.٧٩ ئەو هەروەها تێبینیی کرد کە دیاردەیەک لەلای دایباوکانی چینە خوارەکان دروســت بووە و هەڵسوکەوتی یەکســانی، بە نەرمی ڕێگەی خۆی بەرەو چینە خوارەوەکان ئەگرێتە بەر.

ئــەم گۆڕانانە لــە ئۆلگــووی بارهێنانی منــداڵان پەیوەنــدی لەگــەڵ گۆڕانــی پەیوەندییە نــاو خێزانییــەکان هەیە. هەر دوو بەرەو شــێوازی ژیانی کەمتر پلەبەندی کــراو و زۆرتر یەکســانخواز بــوون دەڕۆن. هەروا کە بلۆد گوتی: «لە ئێســتادا ڕەنگە لە

لێواری قۆناغێکی نــوێ لە مێژووی خێزانی ئەمریکی بین، کاتێک کە خێزانی دەســتە بــرا و دەســتە خوشــک ســەرهەڵدەدات. تایبەتمەندیــی جیاوازکــەری ئــەم خێزانە ئەوەیە کە هەم ژن و هەم مێرد کار دەکەن ... کار کردنــی ژنان، ئەوان لە چەوســانەوە بــە دەســت مێردەکانیانــەوە دەپارێزێت و کچەکانیان لە بندەست بوون دێنێتە ئاستی براکانیــان ... کاتێک کە کە هەر دوو ڕەگەز لە گەورەساڵیدا و لە بازاری کاردا یەک ڕۆڵ دەبینن، جیاوازیی کلاســیکی نێوان ژنانی و پیاوانە بــوون کاڵ دەبێتەوە ... ڕۆڵی پیاوان و ژنان هەم لە تەمەنــی خوارەوە و هەم لە تەمەنی سەرەوە لە یەک نزیک دەبێتەوە. لە ئاکامیدا خێزان لە ناوەوە ئەوەندە جیاوازکراو نابێــت، کەمتر لەســەر بنەمــای تەمەن و جیاوازیی ڕەگەزی چینبەندی دەکرێت. لەو هاوجێ بوونە خێزانییەدا، زالبوونی پیاوانە و خزمەتکاریی ژنانە جێگەی خۆی دەدات بە هاوجێبوونی نوێ.» ٨٠

هەمــوو ئــەم زانیاریانــە دەریدەخەن کــە ئاقــارەکان لە یــەک کاتــدا لە یەک نزیــک دەبنــەوە. بنەمــای بەهاکانمان لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیمۆکراســی دەڕوات، هەر چەندە پێکهاتەی کۆمەڵگەمان هێشــتا نەگەیشــتووەتە ئــەو ئاســتە. هەڵوێســتی کۆمەڵایەتی لــە ناو خێزانەوە دەســت پێ دەکات؛ تەنیــا خێزانــە دیمۆکراتیکــەکان دەتوانــن منداڵانێــک پێبگەیێنــن کە لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیکدا ببن بە هاووڵاتی. ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش کە ژنانیان لە ماڵ ڕادەگرت، هەر بەو شــێوەیە گــۆڕاون. چیدیکە ماڵ ناوەنــدی کۆمەڵگە نەمــاوە. ئەو کارکردنــە بنچینەییانەی ژن و پیــاو لە ماڵدا، چیدیکە پێویســت نین و هیچ هۆکارێک نەمــاوە بۆ ئەوەی جیاوازیی ڕۆڵی ڕەگــەزی بمێنێتەوە. ئەو بەهایەی کە بە هێزی جەستە دەدرا و دەبوو بە هۆکاری زاڵبوونــی پیاو و ئەو دۆخەی باڵادەســتیی پیاوان کە دەرهاویشتەی ئەمە بوو، چیدیکە کارکردی نەماوە. ئەوە مێشــک و جەستەیە کە ئێســتا دەبێت باوبێت و مێشــکی ژنان یەکسان بێت لەگەڵ مێشکی پیاوان. «دەنکە دەرمان» (مەبەســت دەرمانی ڕێگری کردن لــە منداڵبوونە. وەرگێر) ژنــی لە دوودڵیی منداڵبــوون و پەیوەســت بوون بــە پیاو بۆ پشــتگیریی ئابــووری ڕزگار کــرد. بــەڵام هەڵوێستمان بەرانبەر بە ژن و خێزان هاوکات لەگــەڵ پێشــکەوتەکانی دیکــە نەگۆڕاوە. «دواکەوتنێکــی کەلتــووری» لەئارادایــە. پێناســەی خێزان، چەمکی ژن و بیرۆکەی کارکردی کۆمەڵایەتی لەو ســەردەمە بەجێ ماوە کە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە پێویست بوون و لەو کاتەوە تا ســەردەمێک کە لەبار نییە بەردەوام ماوە. دەرەنجامەکەی تەنیا ئەوپەڕی ناکارکردی بوونی ڕۆڵی ژنانە.

حەســانەوە لەم ناکارکردییە پێویســتی بــە گــۆڕان لــە ڕێکخــراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەو تێڕوانینەیە کە ڕێگە بە ژن بدات بە تەواوی و یەکســان لەگەڵ پیاوان لە پلەبەندیی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ ببینن. لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە خێزانیش بگۆڕێت تاکوو هەم ژن و پیاو یەکســان بن و هــەم بتوانن لە کەشــێکی دیمۆکراتیکدا منــداڵ گەورە بکــەن. ئــەم گۆڕانکارییانە بە ئاســانی ناکرێــن و لە ڕێگــەی گۆڕانی سادەی ئاقارەکانی کۆمەڵگەوە بەدی نایەن. ئاقــارەکان هەموویــان بە یەک ئاراســتە و بە یــەک خێرایی ناڕۆن. بــەو ڕادەیەی کە ئەگەر گۆڕانەکان لەگەڵ یەکتر ناکارکرد بن، کێشە ســاز دەکات و پێویستە ئەم کێشانە نەک بە پشــتگوێ خستن بەڵکوو بە مرۆڤی هۆشیار چارەسەر بکرێن. تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لــە داهاتوو و ژیانماندا قســەمان هەبێت بۆ گوتن.